# کاتێ کە منداڵ بووم

سیڤ ویدێربێری Siv Widerberg

وەرگێرانی لە سوێدییەوە: دلاوەر قەرەداغی

کاتێ کە من منداڵ بووم
زستانان دار لالەکان گوڵیان دەکرد
سەر دیوارەکە پڕ دەبوو لە تووتیی ئاخێوەر
قژیشم سەوزو تۆپەڵ، بەرز بەرەو ئاسمان هەڵدەپژا

بەیانییەکیان کە نەمتوانی
شیرەکەم بخۆمەوە
ئەوسا کوتوپڕ بینم ئەوەتام،
دەسکێشە چنراوەکەم لەدەستدایە و لەسەر پێپلیکانەی حەوشە ڕاوەستاوم
دەنکە گێلاسی سووری ئاودار
بەدەزووی باریکەوە لە خۆرەوە هاتوونەتە خوارەوە و
هەورێکیش بەژوور سەرمەوەیە

هاوینه
هاوینێکی وا
که هەموو منداڵان دەچن بۆ دەشت
یان بۆ پشوو، بۆ هاوینەهەوار دەچن
یاخود به پاسکیل بۆ شوێنێك دەچن
که من نازانم ئەو شوێنه کوێیه!

کوتوپڕ گۆڕەپانی گەمە کردنەکە
دەبێتە زەریاچەیەکی شینی پڕ لە ماسیی
کە هەم دەتوانن مەلەبکەن و لەئاودا خۆیان نوقومکەن
هەم دەشتوانن بفڕن و قسەی بێ واتا بکەن

ئەو خانووەی منی لێ دەژیم
خانوویەکی کۆن و داڕووخاوە
گەچەکەی لەدیوارەکانی بۆتەوە
کونێکی گەورە کەوتۆتە ساپیتەکەیەوە
پێپلیکانەکانی تاریك و بۆ ساردیان لێ دێت
لەهەموو لایەکەوە بۆنی سلْق، بۆنی شێ و بۆنی پشیلە دێت

**بەڵام کەچی من هەر پێموایە ئەوێ خانوویەکی چاکە**
**خانوویەکی نایابی وەهایە کە مرۆڤ کاتێ هەر بەڕاستیی شەکەت دەبێ لەوەی لەوێدا بژیی**
**ئیدی ئەو خانووە دەبێتە کۆشکێك**
**کە لەوێدا پیرێژنان لەبەر پەنجەرەکاندا دادەنیشن و تاجی ئاڵتوونیی دەچنن**
**پیرەمێردان بە کەفاو، بلقی گلۆپ دەکەن**
**منداڵانی گچکە  شیرینیی دەجوون**

**حەسحەسەکەش، کە پیاوێکی تووڕەو هارە و نوقورچی توند دەگرێ،**
**کوت و پڕ خۆی هەڵدەداتە سەر ئەسپێکی سپیی و**
**چوکلێت بە ئێمەی منداڵان دەدا، چوکلێتەکانی هێندە گەورەن کە بە زەحمەت هەڵدەگیرێن**

**سەگەکان لەبری ئەوەی بووەڕن، گۆرانیی دەبێژن**
**پشیلەکان لەبری ئەوەی بیکەنە دەنگە دەنگ و هەراهەرا،**
**کەمانچە دەژەنن**
**جنێوەکان وەك فانیلەی تازە شۆراوی یاری فتبۆڵێن**
**بەتەنافەکەدا هەڵدەواسرێن**
**زەڕڕافە سەربەرزەکان بە چاوانی میهرەبانانەوە**
**لەبەرمیلی خۆڵەکاندا دەڕوێن**

شەوانیش کاتێ هەوڵ دەدەم بنووم،
سەرەڕای ئەوەی کە دایك و باوکم لە موبەق دەمەقاڵێیانە
کەچیی هەزاران باڵی تەنك لە سیسەمەکەم دەڕوێن
سیسەمەکەم بەو باڵانە دەفڕێ و لە پەنجەرەکەوە دەمباتە دەرەوە
بە ئاسمانەوە پڕوشەی هەوری نەرم و نیان دەگرم و
گوێچکەمی پێ دەئاخنم

کوتوپڕ ئەو دەنگی ناخۆشی دەمەقاڵێیە
دەبێتە لایەلایەیەکی خۆش
هەموو شتێك لەخوارەوە لەسەر ئەرز
دەبێتە شتی چکۆڵە و مێرووله ئاسا
دەبنە شت گەلێك کە ئیدی مرۆڤ لەخەمیانا نابێ
بەڵکو لەراستیدا دەبنە شت گەلێك کە مرۆڤ دەخەنە پێکەنین

لەهەمان چرکەدا
دایك و باوکیشم دەبنە دوو بووکەشووشەی گچکە
دەبنە دوو سەربازیی قورقوشمین
کە لە موبەقەکەدا شەڕە شمشێر دەکەن
دەنگی شمشێرەکانیان دێت
دەنگی قەڵغان و کڵاوە ئاسنینەکانیان کە پەڕی سووری پێوەیە و

بەرزو نزم دەبێتەوە و لە هەوادا دەلەرێتەوە

بەڵام من بە وردیی ئاگام لێیان نییە
کە ئەوان سوپاکانی خۆیان بانگ دەکەن
سوپاکانیان بەیەکدا هەڵدەپژێن، دەبێتە شەڕو تەقوتۆق
تا ئیدی خوێن بە خوڕ دەڕژێ
هەمووان لە پا دەکەون و دەکەونە سەر ئەو فەرشە تەپەتۆرییەی
کە وێنەی گوڵی بە شەونم تەڕبووی لەسەر وێنە کێشراوە
کە مانگ تەنك و شین، بەکاوەخۆ هەڵدێت
ئیدی هەموو شتێك دەبێتە سێبەر و خەون

سەیرەکە لە ئاوێنەیەکیشدایە
کە ئێمە لە منداڵیی مندا هەمان بوو
ئاوێنە گەورەکەی هۆڵەکە، بە چوارچێوە ئاڵتوونییەکەیەوە
کە دایکم کەڕەتێکیان کڕی بووی
گەرچی پارەیەکی زۆریشی پێ نەببوو
بەڵام هەر کڕی بووی و پێی دڵ خۆش ببوو

کاتێ لەبەر ئەو ئاوێنەیەدا رادەوەستم
کەس کەس لە ماڵەوە نییە

**جگە لە من کە تەواوێك بەتاقی تەنیام**
**دوای چەند ساتێکی ناخۆش**
**دەبینم قژم ژاکاوە**
**دەم و چاوم وەك سێوێکی ڕزیو، هی ساڵی پار**
**چرچ و لۆچ بووە**
**یان تەنها وەك هەڵمێکی خۆڵەمێشیی**
**لە دوورەوە لە شووشەی بریقەداری ئاوێنەکەدا**
**پرشنگ دەدات**

**ئەوسا ئاوێنەکە بریسکەیەك دەدا و خۆی رادەپسکێنێ**
**ڕێك پێکەنینێکی سووتێنەر دەگرێتە بنمیچەکە**
**ئەوسا من هەمدیسان خۆم لە ئاوێنەکەدا دەبینم:**
**دەمم، لووتم، چاوانم**
**هەموو شتێکی خۆم دەبینم**
**هەموو شتێك کە هی خۆم بوون**
**کوتومت هەر وەکی خۆم**

**پاشان**
**ئاوێنەکە و من پێکەوە دەکەوینە پێکەنین**
**من سەرمەوقولات دەدەم و خۆم هەڵ دەگێڕمەوە**
**سەرم بۆ خوارەوە و قاچیشم بۆ سەرەوە**

**لەسەر دەست دەڕۆم**
**بەڵێ ... دەشتوانم لەسەر دەست بڕۆم**
**گەرچی من هەرگیز لەوەوبەر نەمتوانیبوو ئەوە بکەم**

**ئەوسا کاتێ خەڵکیی دەمبینن**
**لە سەرسوڕماندا چاویان زەق دەکەنەوە**
**کارمەندێکی سێرك بە پەلە دێت بۆ لام و پێشنیارم بۆ دەکات**
**کە لە سێرکەکەیدا ئیش بکەم**
**مووچەی هەزار ملیۆن دینار و**
**سەگێکی گچکەی ژیکەڵەشم بەخۆڕایی دەداتێ**

**باشترین شت ئەو سەگەیە**
**لەبەرئەوەی زۆر زۆر داوای سەگێکم کردبوو**
**هەر داوام کردبوو، هەر داوام کردبوو، هەر داوام کردبوو**
**کە دایك و باوکم مشووری سەگێکم بۆ بخۆن**
**کەچیی ئەوان هەر گوتبوویان: نا!**
**یان گوتبوویان: ئیتر بەسە چەنە چەن!**

**بەڵام وا ئێستا سەگێکم هەیە**

که له قوڵایی دڵەوە خۆشی دەوێم
هەردووکمان بووینەتە هاوڕێی گیانی بەگیانیی یەکتر

تا منیش خۆم، بەبێ ئەوەی بەخۆم بزانم
بوومەتە سەگێك، سەگێکی گچکەی خڕتۆڵی تیسك لوول
که دەتوانێ بووەڕێ و بقروسکێنێ و بەبێ زۆر لەخۆکردن
میز بە عامووده‌کانا بکات

جگە لەوەش دایکم نەوازشم دەکات
تا بێ زیاتر و زیاتر خۆشی دەوێم
ئیدی لەوە دڵنیابووە کە من، تەنها من
ژیکەڵەترین و نایاب ترین شتێکم
کە لە هەموو ژیانیدا هەیبووبێ

بەڵێ، هەموو شتەکان سەیر بوون، لە منداڵیی مندا
هەموو شتێك مەحاڵ بوو
هەموو شتێك نامەحاڵ
فرمێسکە زۆرەکانی دایکم
ببوونە ئەڵماسی بە درەوشە
هەر هەموویانم لە زەرفێك ناو

بۆ باوکم هەنارد
بۆ باوکم کە رۆژێکیان سەفەری کردبوو
هەنووکەش لە جێگایەکی دوور لە (کورپیبومولو) دەژی
یان لە (مەدەقەشقەر)
رەنگە باوکم تیمساحێکیشی هەبێت
لە ئەرزەکەدا، لای سیسەمەکەیەوە داینابێت
هەندێ جار نیوەشەوان کاتێ کە دەیەوێ خۆی بەتاڵ کاتەوە و
بچێت بۆ سەر ئاو
بچێت پەرداخێك ئاو بخواتەوە
بچێت تەماشای ئەستێران بکات و
بیر لە من بکاتەوە،
قاچی بەر تیمساحەکەی دەکەوێ

❇